حکومەت بە فەرمی ڕەتیدەکاتەوە هیچ دامەزراندنێکی نوێ لەناو دەزگاکانیدا هەبێت

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکوەزیرانی عێراق ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕەتیکردەوە هیچ دامەزراندنێک لەناو دەزگاکانی حکومەتدا هەبێت.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیێندراوەکدا کە دەست موتەبع کەوتووە ڕایگەیاند: "لەم دواییانەدا تێبینی ئەوە کراوە کە لایەنە سیاسییەکان هەوڵی ڕاکێشانی هاووڵاتیان دەدەن وفەیان لە دەکەن بەوەی دامەزراندن لە ناو دەزگاکانی حکومەتدا هەیە".

فەرمانگەکە لە ڕاگەیێندراوەکەیدا دووپاتیکردەوە، یاسای بودجەی سە ساڵە کە ئێنجومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر داوە، لە مادەی 14/چوارەمی أ)دا ڕاگرتنی دامەزراندن و گرێبەست لە سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەتدا هاتووە.

هەروەها داوای لە هاووڵاتیان کرد کە نەخرێنە ناو ئەو کردەوەیانەوە، کە هەوڵی قەرخکردنیان دەدەن بە مەبەست و بەرژەوەندیە تاکە کەسییەکان کە دەچنە بازنەی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە.